ئەنجومەنی مامستایانی نازی روونکردنەوەیەک بۆ ئاودێکاتۆر

ئەنجومەنی سەرتاسەری مامستایانی نازی بوونی لیستی بۆ هەڵبژاردن رەتکردەوە و رایگەیاند کە "هەواڵکی چەواشەکارانە و سیناریۆیەکی ناشیرینە".

ئەنجومەنی سەرتاسەری مامستایانی نازی لە "روونکردنەوەیەکی بەپەلە"دا ئاماژەی بەوەدا کە "مامستایان کە ئستا لە بەرایەتی نالەزایەتییەکانی کەمەگەو شەقامی کوردی دەکەن، خەبات و شۆشە سپییەکەیان بووەتە جێگەی تامانی هەمووان و هەراسانکردنی دەسەڵات".

ئەنجومەنی سەرتاسەری مامستایانی نازی دەڵێت: "دەسەڵاتی کوردی بەردەوام هەوڵیداوە درز و بشایی لە نێوان مامستایاندا بسازێنێ و ریزی مامستایان پەرت بکات".

ئەوەشی خستووەتەڕوو کە "دواهەمین سیناریۆی دەسەڵات دژ بە خەباتی مامستایان،

باوکردنەوەی دەنگی دروستکردنی لیستە بۆ هەڵبژاردن بەناوی " لیستی مامستایان و فەرمانبەرانی"نەوە".

ئەنجومەنەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە "ئەو دەنگە و هەواڵە بەتەواوی ڕەتدەکەینەوە و بە هەموولایەکی ڕادەگەیەنین کە ئەوە هەواڵێکی چەواشەکارانە و سیناریۆیەکی ناشیرینە".

ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەیە:

ڕوونکردنەوەیەکی بەپەلە

لە ئەنجومەنی مامستایانی نازییەوە سەبارەت بەدەنگی دروستکردنی لیست بۆ هەڵبژاردن!

مامستایان کە ئستا ڕابەرایەتی نازەزایەتییەکانی کۆمەڵگەو شەقامی کوردی دەکەن، خەبات و شۆڕشە سپییەکەیان بووەتە جێگەی تۆڕامانی هەموان و هەراسانکردنی دەسەڵات و هەم بوونەتە جێی ئومێدو متمانەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان.

سەرباری فشارو هەڕەشەی جۆراو جۆر، بۆ کۆتایهێنان بە خەباتی ڕەواو شۆڕشی مامستایان بە هێنینەوەی سیناریۆی جیاواز، دەسەڵاتی کوردی بەردەوام هەوڵیداوە درزو بۆشایی لە نێوان مامستایاندا بسازێنێ و ڕیزی مامستایان پەرت بکات.

دواهەمین سیناریۆی دەسەڵات دژ بە خەباتی مامستایان، باوکردنەوەی دەنگی دروستکردنی لیستە بۆ هەڵبژاردن بەناوی " لیستی مامستایان و فەرمانبەرانی"نەوە.

ئێمە لە ئەنجومەنی سەرتاسەری مامستایانی نازی، ئەو دەنگە و هەواڵە بەتەواوی ڕەتدەکەینەوەو بە هەموولایەکی ڕادەگەیەنین کە ئەوە هەواڵێکی چەواشەکارانەو سیناریۆیەکی ناشیرینە دژ بە خەبات و داوا ڕەواکانی مامستایان.

هاوکات، ئەوەش ڕادەگەیەنین کە هەرکەس و گروپێك بەناوی مامستایانەوە لیست بۆ هەڵبژاردن دروست بکەن، ئەوە لەدانی ڕاستەوخۆیە لە خەبات و شۆڕشی سپی مامستایان و ئێمە

دژی دەوەستینەوە.

ئەنجومەنی سەرتاسەری مامۆستایانی نازی

2024 __ 1 __ 30